سۆران محەمەد

لێکۆڵینەوەی شیعریی:

# تەکنیکی دژە تەکنیک
# وەکو ستایلێکی شیعریی ئەفرێنەر



لە هەموو بوارێکی ژیاندا کەسانێك هەن عاشقن، بە جۆرێك عاشقی بوارەکەی خۆیانن گەر ئەو بوارەیان لێ زەوت بکرێت وردە وردە ڕەنگیان زەرد دەبێت و توشی ڕشانەوەی تەپوتۆزی دەوروبەرو پیسیی دەروونەکان و ژینگەی نەخۆش دێن و لەسەرجێگاش شەوان بە دەم خەوەوە ڕادەکەن و دەڵێن: کوا نیوەکەی ترم؟ کوا عەشقەکەم.. ئیتر ناهومێدانە وەکو ناهومێدیی لاوی پەشێوی ئەم گەلە بێدەنگ ئاوادەبن و چاو لێکدەنێن و لەسەر نەغمەکانی ژیان ناویان نایەت و گۆرانیبێژەکانیش لە کاتی پیاسەکانیاندا گۆرانیە خەمبارەکانیان ناڵێنەوە، زۆر بە داخەوە زوو لە یادەوەری و هزری دەستە جەمعدا دەکوژێنەوە.. وەك بەسەر شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر و زۆری تردا هات. ئێستا کە لە زەمەنێکی بێ بەزەییدا دەژین (زەمەنی پۆستمۆدێرن و گڵۆبالیزەیشن) جوانیەکان ناشرین دەبن و ناشرینیەکانیش جوان، مەیلی خودپەرستی جێگەی گیانی هاریکاریی و خوێندنەوەی یەکتریی گرتووەتەوە، بایەخدان بە بوارە نابەرجەستە ڕۆحییەکانی وەك شیعر زۆر کز بووە... جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە وەك چۆن یەکیك لەو عاشقانەی بواری مۆسیقاش نەوژین محەمەدە، کە لە گوتەیەکدا راشکاوانە دەڵێت: "کەمانەکەم نیوەکەی ترمە".. ئەو راست دەکات، خۆزگە مرۆڤەکان ئاوها هەستناسکانە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و هونەرو زانستە مرۆیی و زانستە ماددیەکاندا عاشق دەبوون و ئەوسا داهێنان و پێشکەوتنی مەیدانەکانی ژیانمان بە خۆوە دەبینی و ئێمەی کوردیش وەکو میللەتێکی شارستانی سەردەم بە قورساییەکی زۆری رۆشنبیریی و زانستیەوە وەڵامی هەموو تەگەرەکانی ژیانمان دەدایەوە.

لێرەدا مەبەستی لێدوانمان سەباح سابیر حەسەنە؛ ناخ و دەروونێك پڕاو پڕ لە عەشق بۆ شیعر کە هەمان پاکێتی عەشق دووبارە دەکاتەوەو راشکاوانە دەڵێت: " تەواوی ژیانم خستووەتە خزمەتی شیعرەوە" .

ئەو سێ دەیە زیاترە هەستناسکانە عەودالّی شیعری رەسەنەو دەگاتە ئەو رادەیەی ئێستا یەخەی زەمەن رادەتەکێنێت و دەڵێت بۆ شیعر نامۆ بووە؟ بۆ گیان فەرامۆشکراوە؟ کوان شاعیرە راستەقینەکان؟ ئەو هەمووە بنووسە بێ بەرهەم و بێ بەهرانەی پۆڵەتیك و گروپ و پەیوەندی شەخسی و بەرژەوەندی و روپامایی... ناحاڵییانی کۆکردووەتەوەو وەك بارێکی گران داونی بەسەر شانی ئەدەبی کوردیدا، لەولاوە پرسیارێکی بێ وەڵام دەمێنێتەوە کە کێ ڕزگاری دەکات لەو بار گرانییە؟
لە بیرمە سەردەمێك کتێبی (زێوان)م کڕی بۆ یەکەمجار، دنیای نووسین و چاپەمەنی و خوێنەرانی کورد زۆر جیاواز بوو بە بەراورد بە ئێستا، ئەوسا تەنیا چەند کتێبخانەیەك هەبوو لە شارە گەورەکانداو هەر کتێبێکی تازە دەربچووایە دەنگی دەدایەوەو هەمووان دەیانزانی و هەر زوو لە بازاڕدا نەدەما، تاکە سەرچاوەی راستەوخۆو کاریگەری مەعریفەو رۆشنبیریی هەر کتێب بوو، نە ئینتەرنێت هەبوو، نە مۆبایل، نە سەتەلایت، نە قەرەباڵغی دنیای سەرمایەداری هاوچەرخ و بوونی پارەی زۆر لە دەستی خەڵکانێک ، خەڵکەکەش گیانێکی پاکیان هەبوو، عەودالّی فێربوون و موتابەعەکردن و خوێندنەوە بوون، شەرم بوو دەربارەی شتێك قسە بکەیت و نەتخوێندبێتەوە یان شارەزایی تەواوت نەبێت سەبارەتی، هەر بەم شێوەیەش و ئاوها شاعیر سەباح سابیر حەسەن گۆشبوو بەشیعرو وشەو گوێڕایەڵی بۆ ئەو دنیا بەربڵاوە پڕ تەلیسمە، ئەو ئێستاش هەر ئاوها مامەڵە دەکات و شتەکان دەبینێت، بەس سەد حەیف و مەخابن! ئەم زەمەنە هی ئەو نییە و تیایدا نامۆ بووە، ئەوەی خەڵك بە لایدا ناچێت کتێب و خوێندنەوەیە، لەناو خوێندنەوەشدا ئەوەی کەمترین خوێنەرو فرۆشی هەیە شیعرە..
ئەوەی نابێت وەلانرێت و نەگوترێت ئەوەیە کە لای من گەورەترین خاڵی ئەرێنی دنیای شیعرو شاعیرێتی ئەو، ئەوەیە کە هەر لە یەکەم دیوانیەوە تا دواهەمینی (دواکەوتن لە کەشتی نووح) کە بەشێوەی ئەلەکترۆنی لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبووەوە، لەسەر یەك شێوازی جیاو تایبەت بە خۆی بەردەوام بووەو کۆڵی نەداوە، سەرەرای ئەو هەموو نشێو و تاسەو هەڵدێرو

پلارانەی رووبەرووی بوونەتەوە، وەك خۆی دەڵێت نەك هێواشیان نەكردووەتەوە، بەڵكو زیاتر گیانی كۆڵنەدان و برەویان تیا چاندووە؛
رەنگە بەكارهێنانی زمانی سادەو راستەوخۆ لەم كۆپلەیەدا هەوڵێك بێت بۆ ماندوونەكردنی خوێنەر نەكو تەواو مەبەستەكانی شاعیر تێنەگات، بۆیە راستەوخۆ خوێنەر پەلكێشی ناو كێشەكانی شیعرو شاعیر دەكات و دەڵێت:

" چاكەیەكی زۆری شاعیرە
چاوهەڵاوگێڕ و
و
و
ـە كانم لەسەرە
دڵڕەش
بەدگۆ
دەروونكلۆر
بەوەی زۆر گێچەڵیان پێكردووم
لە گێچەڵیانەوە فێربووم بە ئەمەك و نمەكی خدری زیندە بیر بكەمەوە"

ئەو نایشارێتەوەو دەڵێت: *هیچ شاعیرێك وەك من توشی شەڕو گێچەڵ و قسەی لە هیچەو دەمهەڵبەست و پەلاماردان نەهاتووە" یان " كاردانەوەو بەدگۆیی و ئیرەیی و نیازخراپی و دڵڕەشی و كەسەریی و ناكەسبەچەیی دوژمنە گورنەتەڵەكانم گەیشت بە پلەیەك هەڕەشەی زۆر ناشارستانیم لێ بكەن"
جێی خۆیەتی لێرەدا دەروازە لەسەر باسێكی گرنگ والا بكەین؛ ئەویش ئەوەیە لە حاڵێكدا گەر ئەو ناتەباییەی لەگەڵ چەند شاعیرێكی هاوشارییدا نەبووایە چی رووی دەدا؟ ئایا شتەكان بە روویەكی جیاوازتردا لەسەر شیعرەكانی نەدەكەوتنەوە؟ یان ئەوە سروشتی كەسەكان و شتەكانەو هەر دەبوو ئاوهابوایە، رەنگە سەرەتا هەر لێكحاڵی نەبوونێكیش

بووبێت- بە نیازە پاکە دڵسۆزو پەرۆشەکانی کاک سەباح بۆ شیعر، بەڵام بەداخەوە کار گەیشتە ئەوەی لە شیعریشدا رەنگ بداتەوە، من بە ڕاستی ئەم مەسەلەیەم وەك بابەتێکی تایبەتی لێکدەدایەوەو باسم نەدەکرد ئەگەر لە شیعرەکانی کاک سەباحدا ئاماژەیان پێ نەکرایە، بەس کە بوون بە شیعر دەکەونە ژێر تیشکی لێدوان و لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنەوە. جگە لەمانەش ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوونی ڕەخنەنووسان و لێکۆڵەران سەبارەت دەقەکانی  سەباح و تەنانەت بوونی ڕای نەرێنی زۆرێك لە قەڵەم بەدەستان سەبارەت شێوازی شیعرەکانی ساردیان نەکردەوەوە و شێوازیان پێ نەگۆڕی. هەر بۆ نموونە گەر ڕای ٣ لە ئەندامی هەڵسەنگاندنی یەکەم کتێبی (زێوان) بخوێنینەوە، نەك هەر رەفز بەڵکو جۆرە هێرشێکە بۆ سەر شیعرەکانی، وەك وتەکانی: (مەجید نەدیم، محەمەد بەدری، محەمەدی مەلا کەریم).

هەمیشە جیاواز نووسین باشتر و کاریگەرتر بووە لە دۆگمابوون و دووبارەکردنەوەو نووسینی شیعری ئاسایی، لەمڕۆژەدا هەر ئەوەندە بەس نییە دەقێك پێی بگوترێت شیعر، بەڵکو جیاوازبوون مۆرکی شاعیرێتییە و جا گەر ئەو جیاوازیەش تەنیا لە لایەنێکی دیاریکراوی  شیعریەوە بێت هەر جێی دڵخۆشییە، یان لە زۆربەی پێکهاتە شیعریەکانەوە بێت وەك زاراوە، وشەسازیی، بنیات، شێوە، کەرەسەی شیعریی، وێنە،  دنیابینی و بابەت، ناوەڕۆك، هونەرە جیاوازەکانی زمان...

هەر چەسپاویی و عەشقی بێ بەرانبەری کاک سەباح بووە بۆ شیعر، وای لێبکات من لێرەدا سوپاسی بکەم لە جیاتی میللەتی کورد، بۆ هەوڵ و ماندووبوونەکانی.. لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵی وشەسازییەو سەدا نەوەدی خەڵکیش ماندووی پارەن، بایەخ و گرنگی ژیان لە تێڕوانینی خەڵکەکانەوە جیاوازن، ئایا کامیان زیاتر پێکاویانەو هێڵێکی راستیان بۆ خۆیان کێشاوە، ئەو وەڵامە ڕێژەییەو هەر کەس بە پێوەرو تێگەشتن و ئەزموونەکانی خۆی دەپێوێت.

من دڵنیام کاك سەباح دەتوانێت و دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە وەك رەوتی باوی شیعر بنووسێت و وێنەو دنیابینی و زاراوەکان دووبارە بکاتەوە یان هەر پاشوپێشیان پێ بکات و بە ناوی شیعرەوە بڵاویبکاتەوەو زۆرینەی خەڵکیش ئافەرینی بکەن و چەپڵە بارانی بکەن، چونکە لە غیابی رەخنەی ئەکادیمی و زانستی و نەبوونی باگراوندی رۆشنبیری پێویستی خوێنەراندایە کە بە ئاسانترین شێوە دەتوانرێت ڕیکلام بۆ شاعیربوونی کەسێك بکرێت و میدال و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبدرێت، بۆیە بە تایبەتی لەگەڵ زۆربوونی لێشاوی شیعردا و گەشەکردنی تۆڕە کۆمڵایەتییەکان و ماڵپەرەکان و هەروەها تۆمارکردنی ڤیدیۆیی و سی دی و بوونی بڵاوکراوە جیاوازەکان، هەموو شیعرەکان تێکەڵ بوون و هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە خۆی بە باشترین شاعیر دادەنێت، کێشەیەکی تری زۆربەی بڵاوکراوە کاغەزییەکان ئەوەیە کە هۆکارن بۆ دواکەوتنی وێژە بە گشتی، چونکە دەبینیت پێوەر لای ئەوان زیاتر بە جۆرێکە گەر ناسیاو نەبیت شیعر باشیش بێت بڵاو ناکرێتەوە، وێڕای ئەوەی خۆیان تایبەتمەندی شیعر نین و هیچ بەرژەوەندیەکیشیان نییە دەقێک بۆ شاعیرێك بڵاوبکەنەوە دۆست و نزیک و هاوئینتیمایان نەبێت، هەموو ئەم قەیرانە مەترسیدارانە زیاتر بواری ئەدەب و هونەریان وێران کردووە، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی عەشقەکەی سەباح بۆ شیعر کەمبکاتەوە، بەڵکو بە تەنیا لە هەوڵ و کۆڵنەدانە لە هێنانەدی ئاوات و دنیابینیەکانی خۆیدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەم هەندێك لە دژە تەکنیکە باوەکانی شیعر لە دنیای ئەفراندنەکانی سەباح رەنجدەرەوە بۆ خوێنەران بخەمە روو، کە لای زۆرینەی شاعیران و لە زۆربەی شیعرەکاندا حاڵەتەکان پێچەوانە دەبنەوە، ئیتر نازانم تا چەند هاوڕامن و تا چەند هاوڕا نین، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەو سەدان و ملیۆنان شیعرەی هەمانە پشو و وەستانێك وەردەگرین و قسە لەسەر تەکنیك و چۆنێتی شیعر بکەین، کە ئەمەش رەنگە هۆکارێك بێت بۆ بەهرەمەندبوونی شاعیرە نوێکان و بەخۆداچوونەوەیەکیش بێت بۆ هەموو ئەوانەی وا دەزانن شیعر نووسین کارو پرۆسەیەکی سادەیەو هیچ

گرانییەکی تێدا نییەو پێویست بە هیچ ناکات و لەوەش ئاسانتر نووسینی شیعری داهێنەرانەیە!
لە دیدو تێروانینی منەوە بەم جۆرە ریزبەندی خاڵە تێکشکێنەرەکانی تەکنیك دەکەم لە شیعرەکانی کاك سەباح رەنجدەردا:

## یەك- زاڵبوونی رەگەزی کتوپڕیی یان شێوازی (لەناکاو):

دڵنیام کاك سەباح سەرەتا کە ئەو شێوازەی خۆی لە شیعر نووسیندا هەڵبژارد دیراسەی سوریالیزمی نەکردبوو و نەیویستووە تەقلیدی ئەوان بکات، لە کاتێکدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەمێك نەبێت ئەوا هەر سوریالیزم لای ئێمە نامۆیە و وەلانراوە، بەڵام لە چەندان حاڵەتدا دەکرێت مرۆڤەکان بگەنە هەمان بڕواو دیدی هاوبەش، پاڵنەرو هۆکارەکان وایان لێدەکات ئەو شێوازە پەسەند بکەن و هەڵبژێرن.
لەم میانەدا هەر کاك سەباح سەبارەت قۆناغێکی شێوازی نووسینی شیعری خۆی دەڵێت: "پاشتر رەگەزی کتوپڕی زاڵ دەبێت".



بە دڵنیاییەوە بیرۆکەی سوریالیزم کە لە دەوروبەری بیستەکانی سەدەی رابردوو بەرەو سەرهەڵدان چوو لەسەر دەستی  تریستان تزاراو پاشان دکتۆر بریتۆن، مەودایەکی بەرفراوانی زەمەنییان هەیە لەگەڵ ئەزموونی سەباح رەنجدەردا، هەرچی سوریالیزمە دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانیی و دابەزینی بەها مرۆییەکان و بێ بایەخی ژیانی مرۆڤ سەبارەت ئەو هەموو قەسابخانە مرۆییانەی روویاندا، ویستێك لەناو رۆشنبیران و قەڵەم بەدەستان لە ئەوروپا  دروست بوو بۆ دەربڕین لە ویست و حەزە کپکراوەکان، ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتی ( لەسەروو سروشتەوە/ یان سوریالی) ئەم ڕێبازە ملکەچی لاساییکردنەوەو نەرێتە پێشووەکان نابێت و سەربەستی رەها بە گرنگ دەزانێت لە دەربڕیندا، ئەوانەی روویان کردە ئەم ڕێبازە زیاتر گرنگییان بۆ دەربڕینی شێوەی خەونبینینەکانە، نالۆژیك جارانێك زاڵ دەبێت بەسەر گوتاری دەقیانداو بێ هیچ کۆتێك دەربڕینیان لە عەقڵی ناوەوە دەکرد، دوور بوون  لە شێوازی باوی پەیوەستبوون و پێکەوەسازان و بەدواداهاتنی قۆناغدارو تەبایی نێوان ئایدیاو زاراوەکان، تەنانەت وێنە شیعریەکانیشیان بە جۆرێکە نزیك بوو لە خەونەوە و جۆرێك لە شێوازی هونەری شێوەکاری وەردەگرت.

ئەمەیە لە زانستی دەروونناسیدا دادەنرێت بە هەوڵێك بۆ دەرکردنی موعانەتەکانی ناوەوەی مرۆڤ، یان ئەو خەونانەی ئاواتی پێدەخوازرێت، لەوێدا پەیوەندی نێوان بەرجەستەو سۆزو ماددەو خەون ئاشکرا دەبێت.

قوتابخانەی سوریالی بەرەنگاربوونەوەیەك بوو بۆ شاعیرە نوێخوازەکان، بە وەدیهێنانی داهێنانێکی تازە  داماڵراو بێت لە واقیع و لاساییکردنەوە، بۆچی نا؟ خۆ دنیا نەبینراوەکان زۆر بەرفراوانترن لە بینراوەکان، رەنگە هۆی ئەمە بێت جارانێك تیۆلۆجی و ئەفسوون و خەون بە چڕی خۆی دەسەپێنێت بەسەر گوتاری پشتەوەی دەقەکانی شاعیردا، هەر لەمبارەشدایە ئەحمەدی مەلا سەبارەت ئەم لایەنەی شیعرەکانی سەباح دەڵێت:

"دەبێت ئاماژە بۆ خاڵێکی دیکە لە شیعری ئەم شاعیرەدا بکرێت، ئەویش زمانی سیحرە. شیعر و سیحر دوو دەستەخوشکن، بەڵکو دوو جمکانەن. ئەوەی بە کردار ناکرێت، بە خەیاڵ ئەنجام دەدرێت. ئەم دوو جمکانەیە پێکەوە سەریان هەڵداوە و پێکەوەش هەڵدەکەن".
بۆ وێنە گەر سەرنج بدەین لە ئەڵقەی بزری نێوان: کۆتر/ گۆگردی داخ/ پێ/ دانیشتن لەم وێنە سوریالییەدا دەتوانین زیاتر ئەم بۆچوونە بخەملێنین، و پێکهاتە شیعریەکە دابەش بکەین بەسەر بەشی نەست و یادەوەری و ترسدا

"کۆتر لەسەر گۆگردی داغ پێیەکانی جوان دانانیشن"

هەر لەم میانەشدا و هێندەی ئاگاداربم بەم دواییانە قوتابییەك لە زانکۆی (بنگۆل) لە کوردستانی باکور تێزی ماجستێرەکەی لەسەر ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر بەڕێوەچووە بە ناونیشانی: سوریالیزم د هەلبەستا نووخازییا کوردی دە (ب نموونە هەلبەستێن سەباح ڕەنجدەر) .

دوو- جڵەوی زمانی دەروون و دەربڕینەکانی:

تێزو پەراوێزە دەوڵەمەندەکانی (لاکان) لە بواری تیۆری ڕەخنەی ئەدەبیداو تەنانەت کاریگەربوونی قوتابخانە سۆسیۆلۆژیە مۆدێرنەکانیش بۆ تیۆری دەروونییە بەناوبانگەکەی (سیگمۆند فرۆید) بووە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی گەورە بەسەر شیکاری پاڵنەرە دەرونییەکان لەسەر کارە ئەدەبی و هونەریەکان و خوێندنەوەی ئاماژە شاراوەکانی (نەست) لە کارە وێژەیی و شیعریەکاندا..
گەر بگەڕێینەوە بۆ دابەشکاریەکەی بونیاتی دەروون لەلایەن زانای دەروونناس سیگمۆند فرۆیدەوە، ئەوا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە دەروون خاوەنی پێکهاتەی جیاوازە لە رووی چالاکی و کاریگەریی زیندەگی

عەقڵەوە، ئەوانیش هەست و پێش هەست و نەستن، کە بە پێی بیردۆزەکەی فرۆید دەروون دابەشی ئەم ٣ بەشە دەبێت:




١- هەست: ئەو حاڵەتە مرۆییە راستەوخۆ ساتەکیەیە دەربڕینی لێدەکەین سەبارەت بارە جیاوازە دەروونیەکان کە رۆژانە پێیاندا تێپەڕ دەبین، وەك چەشەی تام و ئازار...هتد، ئاوها دەروونی مرۆڤ کارتێکەری دەبێت سەبارەت کارتێکەرە دەرەکییەکان و ئاوها مرۆڤ یاسایەکی ئەزموونیی بەرهەست بەدەست دێنێ لە ژیانداو ئەمەش سەرەتا لە ناخدا هەستی پێدەکرێت و رەنگدانەوەو بەرخوردی دەبێت.

٢- پێش هەست: ئەو ئاستەیە لە نێوان هەست و نەستدایە، وەك پردێکی نێوان هەردووکیان تەماشادەکرێت، بەڵام زیاتر لە هەستەوە نزیکە، ئەمەش ئەو بەشەیە لە کۆگای ماناو ئەزموونە نزیکەکان و لەم شوێنەی دەروندا جێگیرە، هەر کاتێك هەست بیەوێت زوو بەکاریدەهێنێت و دەستی پێی ڕادەگات.

٣- نەست: ئەو بەشەیە لە دەروون کە هەست پەی پێنابات، وەك وەدیهاتنی بیرۆکەی لە ناکاو، یان چارەسەری بیرکاری زەحمەت و لە پڕێکدا، و هەندێك لە دەربڕینە نا مەبەستدارەکان کە لە نەستەوە دەردەچن، کاری نەست کاریگەر نابێت بە شوێنکات، چونکە لەدەرەوەی سنوورو

داواكاریەكانیاندایە، وەك چۆن كاریگەر نابێت بە لۆژیك و واقیع و ڕێساش، بۆیە هەمیشە چالاكەو لە دەوروبەری دەرووندا جێگیرە، جارانێك لە ڕێی خەونیشەوە ئەم رووبەرە دەردەكەوێت، یان لە كاتی (خەواندنی موگناتیسیدا).
یان بە جۆرێكی تر دەتوانین پۆلێنی بونیاتە دەروونیەكەی فرۆید بكەین لە ناو هەست و نەستدا بەم شێوەیە:
ئەو الهو * id :
ئەو ناوچەیە لە دەروون كە لەسەرەتای لەدایكبوونەوە لە مرۆڤدا بوونی هەیە، شوێنی حەزو ویست و پاڵنەرو دوژمنایەتی و جنس و چێژەكانە.
الأنا : ego* من
پردی نیوان ئەو و منی باڵایە، بە جۆرێك هاوتایی دەخاتە نێوان داواكاریەكانی ئەو و منی باڵاوە كە هی منی باڵایە.
الأنا العلیا : super-ego * منی باڵا
هەموو تێگەشتنە باڵاكانە وەك واقیعی ویژدان و پێوەرە ئاكاریی و كۆمەڵایەتییەكان و یاساو ڕێساو.... هتد
جا با بگەڕێینەوە بۆ لای كاك سەباح و گوێ بگرین بزانین لێكچوونەكان لە كوێدان كاتێك دەڵێت" *شتێك لە نووسین، كە وەك ئەزموونێك پێشكێشم كردبێت، بەكاربردنی زمانی خەونە بۆ زمانی نووسین "
لە رووبەری (خودنائاگا)ی كاك سەباحدا دەتوانین زۆر كاری شیكاری بكەین بۆ هەندێك وێنەو ئامازەو زاراوەی دووبارەو دەربڕینی نائیرادی ناخ كە من لێرەدا تەنیا نموونەیەكیان دێنمەوە.
لە خوێندنەوەی زێواندا گەشتمە ئەو قەناعەتەی چەند بارەكردنەوەی زاراوەی (منداڵی ٥١جار) و (گوندی گەنجینەی منداڵی ٤٦جار) دەبێت قوڵاییەكی نەستیی هەبێت و هەروا بە ئاسانی لە هەموو دەقەكانی (زێوان)دا بەكارنەهاتوون، هەرچەندە شاعیر خۆی ئەم یەكەم بەرهەمەی بە ناوی (رۆمانە شیعر) ناو دەبات.

ئەمە یادی وتەی برادەرێکی خستمەوە کە بۆی گێڕامەوەو گوتی: بە منداڵی زۆر حەزی لە چوونە باخچەی ساوا بوو، ئەوساش منداڵانی هەژار نەیاندەتوانی بچنە باخچەی ساوا بە هۆی ئەو تێچوونە زۆرەی جلوبەرگ و داواکاریەکانی تری باخچەی ساوا کە هەیانبوو، جارانێك زۆر زیاتر بوو لە موچەی مانگی خانەنشینێك ، ئەمە وای لەو برادەرە کرد چەپاندن و گرێیەکی دەروونی لە نەستیدا دروست بێت و نا راستەوخۆ تیایدا رەنگ بداتەوە و لە هەستیشیدا حزوری هەبێت بە یادنەکردنی، بێگومان ئەم چەپاندنە لە گەورەیشدا حەزی جۆلانێکردن و خلیسکێنە کردنیشی تیا کپ نەکردەوە.

هەر سەبارەت بە زێوانیشە کە خودی شاعیر دەڵێت " لەو دەقەدا هەوڵمداوە بگەڕێمەوە بۆ کرۆک و ناوکی گیانی منداڵی.."

" ئارەزووە گەرمەکانم زەوییان شاد کرد
بەردەوامیم پرچی منداڵانی باخچەی ساوایە"

### سێ- بایەخنەدان بە یەکێتی بابەت:

سەرەتا با گوتەی شاعیر لەمبارەوە بهێنینەوە کە سەبارەت ئەزموونی خۆی دەڵێت:

"جۆرێك پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتی بابەتم وەك رەگەزی کتوپڕی پەیرەو کردووە".

لەباسی سوریالیزمدا پەیوەندی شیعرمان دۆزیەوە بە کوتوپڕییەوە، بەڵام لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بکەین بە تەوژمی پاشمۆدێرنیست لە ئەدەبداو قوناغەکانی پێشتریشی کە لەدایك بوونێکی سروشتی کۆمەڵگای رۆژئاوابوو بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە. چونکە پاشپۆستمۆدێرنی شیعریش تەکنیکی یەکێتی بابەت وەلا دەنێت و لە جێگایدا پەرشیی دادەنێت، لە بەشێکی شیعرەکانی ڕەنجدەرەیشدا ئەم سیمایە دەبینینەوە.

کۆنسێپتی پاش مۆدێرن بۆ یەکەمجار لە لایەن مێژوونووسی بەریتانی (تۆینبی)یەوە لە ساڵی ١٩٥٩ دا بەکارهات، ئەو کاتەی ئەو بەکاریهێنا وەك ئاماژەیەك بوو بە پەیوەندییە سێ کوچکەییەکە، هەر وەك بەرپابوونی جیاوارییەکیش بۆ هزرو واقیعی کۆمەڵگای رۆژئاوا دوای ناوەڕاستی سەدەی بیست؛ ئەو ٣ کوچکەیەش (نائەقلانی و فەوزا و لێڵی) بوون.
لەگەڵ ئەمەشدا چەند بیرمەندێکی تر دەبینینەوە کە ناسراون بە فەیلەسوفەکانی جیاوازیی و دەنگ وەك نموونەی فۆکۆ و ژاك دریدا و جیل دۆلۆز... پەیامەکەیان لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە رەفزی سەرتاپای دروشمی سەردەمی ڕۆشنگەرایی دەکەنەوەو تەنیا وەك وەهمێك دەیبینن و لێکیدەدەنەوەو تەنانەت ئەمە وا لە فۆکۆ دەکات بانگی پەرەدان بە شێوازی تری نوێ لە هزرو رەفتارو ویستدا بدات، شێوازگەلێك لەسەر بنەمای هەمەچەشنی و چەندایەتی دامەزرابێت، ئەم هەوڵەی فۆکۆ ش لە هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمی دەسەڵاتا بەدەردەکەوێت کە ئەمەش لای ئەو بێ کۆتایە.
لای ئەو بەکارهێنانی شێوازی چڕبوونەوەو پوختەیی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خوێنەران و وەك داهێنانێك حسابی بۆ دەکات، هیچ شتێکی تر جگە لەو ناتوانیت هێندە دەق دوڵەمەند بکات، راستەوخۆیی رەت بکاتەوەو تازەگەریی هان بدات، ببێتە هۆی لەدایکبوونی خوازەکان وەك نیچە دەڵێت"دەقی (پوختە) ؛ کراوەو فرە رەهەندو دەوڵەمەندە بۆ خوێندنەوەکان، بەچەشنی جیوە گرانبێت گرتن و سنووردارکردنی، پێچەوانەی دەقە کلاسیکییەکان کە یەکێتی بابەت و تەبایی و هاوشێوەیی و حەقیقەتی رەهایان لە خۆ دەگرت".




نیچە دەڵێت:" دەبێت زۆر شت بە کورتی بڵێم تا گوێی لێبگیرێت".

بەڵام بە گوێیەکی بچوك وەك هی نیچە نەك زۆر گەورە! چونکە (پوختەیی)بریتییە لە خاڵی چڕکردنەوەی ئابووری یان" 'بیرۆکەی چڕ' وەك فەیلەسوفی رۆمانی شیرۆن دەیڵێت.

هەرچی هزرمەندی ئەمریکییە (ریچارد رورتی) بیرۆکەی تازەگەرایی دەگێڕێتەوە بۆ دیکارت و هەردوو سەدەی ١٦و،١٧ بەڵام بیرمەندی ئەڵمانی تازەگەرایی دەیگێڕێتەوە بۆ سەروەختی رۆشنگەرایی و سەدەی ١٨. هەرچی رەخنەنووسی ئەمریکی (فریدریك جامسۆن)یە دەستنیشانی مێژووی سەرهەڵدانی دەگێڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیست.

سەردەمی رۆشنگەرایی ڕێخۆشکەرییەك بوو بۆ هۆشیاریی و جوڵانەوە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی و زانستی و هونەریی، بە گشتی لە ئەوروپاو بە تایبەتی لە فەرەنسادا سەری هەڵدا، ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە هەر تایبەت نەبوو بە فەیلەسوفەکانەوە بە تەنیا، فەلسەفەی رۆشنگەرایی مانای بەرپابوونی گیانی رەخنەگرانەو نوێخوازانە لە خۆڵەمێشی سەدەکانی ناوەندەوە بەرپابوو، ئەو گوتارەش لە زۆر بوارە جۆراوجۆرەکانی

هزریی و فەلسەفی و فەرهەنگی و داهێنانە شیعریەکانەوە کە بە دروشمەکەی (کانت)ەوە هاتەوە مەیدان کە دەڵێت:
"خۆ پڕچەك دەکەین بە ئازایەتییەکی پێویستەوە هەتا هەر یەك لە ئێمە هۆشی بخاتە کار لە هەموو ئەو بوارانەی خەریکیەتی" .
جارانێك بۆ شاعیرانی بە توانا ئەو تێکشاندنەی یەکێتی بابەت سیمایەکی پۆستمۆدێرنیستی هەیەو گەمەو نهێنی لەو شێوازەدا چڕ دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات سەرپێی و بە یەکەم خوێندنەوە بڕیار بەسەر ئەو جۆرە کارە شیعریانەدا نەدەین.
گەر تەنیا نموونەیەك بهێنینەوە لە کۆی ٥٠٢ لاپەڕەی بەرگی یەکەمی (سی ساڵ شیعر)و٤٠٢ لاپەڕەی بەرگی دووەم و ٢٠٢ لاپەڕەی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) بە لاپەڕە(٣)ی یەکەم دیوان (زێوان) ئەوا دەبینین زاراوەی سەرەکی کە (ناوە) و کاردانەوەی دەبێت لەسەر فرمانەکان و کارتێکراوەکان، دەبینین کۆیەکی زۆر لە زاراوە ئامادەن کە هزری خوێنەر وا لێدەکەن دێڕ دوای دێڕ بازدانە جیاوازەکان لە تێکشکاندنی یەکێتی بابەت گەشەی پێ ببەخشن و وەکو شاعیر لەم خاڵەوە بچنە سەر خاڵێکی جیاواز کە هەر یەك کۆلکەی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا کۆیان دەکاتەوە، ئەویش کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانە ئەگینا وەکو یەکێتی باوی شیعری زۆرینە زۆر فۆرمێکی جیاوازیان لە خۆگرتووە، ئەمەش رەنگە پڕ بوونی ناخی شاعیر لێکبداتەوە بە تایبەتی کە شێوازی ئۆتۆماتیکی لە ئارادا بێت، بۆ نموونە با سەرنج بدەین لە زنجیرەی ناوەکانی ئەو لاپەرەیە:
(دێوجامە—نێچیر—شەو—کیژ— مانگ – خەو -- پەنجەرە-- کازیوە— دەست— دەنگ و باس— رۆخ— گوێچکە ماسی— تەڵە— گۆڕ—سێو-- پاکەت – نینۆك – خۆرهەڵات-- دەرگا – ئاو -- ئومێد – قوتابخانە – لافاو -- جۆگە – خوداناس – دەستنوێژ -- شەقام – جانەوەر – رووناکی -- دروشم – مندالی....)
ئەمە تەنیا لە کۆی ٢٣ دێڕی شیعریی یەك لاپەڕە، جا هەر ئەم نموونەیەش بەسە بۆ خاڵی چوارەم کە ئێستا دێینە سەری.

## چوار- زۆر دووان و ناروونی:

شاعیر دەڵێت: "ئەگەر زۆر بدویم تێڕوانینی ناوەوەم دەکوژێت"، هەروەها دەشڵێت "...لەوکاتانەی نەمتوانیوە لە شیعردا روون بنووسم، بێگومان ئەو بارەش لە ئەزموونی مندا هەیە".

شیعری یابانی و چینیەکان و هایکۆکانیش ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەقڵییەتی ئابووریکردن لە وشە بەکارهێناندا لای ئەوان چەند لە بەهای بەرهەمە ئەدەبییەکان بەرز دەکاتەوە، هەر ئەمەشە وا لە (ئەندرێ بریتۆن)ی پزیشکی دەروونی و ڕێبەری بزووتنەوەی سوریالیزم دەکات تەنیا ٧ شیعر دابنێت و بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لای زۆرینە ناڕوونە رەنگە لە زیهنی شاعیردا روون بێت، بەڵکو شێوازێکی پەسەندی شاعیریش بێت لە شیعر نووسیندا کە جیاوازی پێ دەبەخشن، جیاوازی ئەو تەنیا لە شێوازی نووسینی شیعرەکاندا نییە وەك بەکارهێنانی خشتە تیایانداو بەروار و جیاوازی نەخشەی شیعرەکەو.... بەڵکو بە گەمەکردن بە زاراوە زۆر جیاوازەکانی ناخ ئەو بارە دەروونییە ساتەوەختییەی شاعیر لە کاتی نووسینی شیعرەکەدا دەخەنە ڕوو و ناڕوونییەکەش هەمیشە دەرگای کراوەیە بە رووی لێکدانەوەی جیاوازی راڤەی خوێنەراندا، چونکە لای ئەو هەرگیز بن بەست نایەن و دواخاڵی کۆتایی دوا ڕستە بوونی نییەو هەمیشە خوێنەر لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە لە نێوان ماخۆلانی وشە سەرکێشەکان و حەزی نوێبوونەوەو هەمیشە ئامادەی دەربڕین.

ئەحمەدی مەلا سەبارەت ئەم لایەنەی شیعری شاعیر سەباح رەنجدەر ئاوها دیدو تێگەشتنی خۆی دەخاتە ڕوو:

"جیهانی ئەم شاعیرە وەکو نارنجۆکێک هەپروون بە هەپروون بووە، هیچی بەسەر یەکەوە نەماوە، پارچەکانی جارێکی دی مەحاڵە پێکەوە گرێ بدرێنەوە، بەڵام هەر پارچەیەک خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی شیعرییە.

ئەم جیهانە ئینسان تووشی گێژبوون دەکات، ئەو گێژبوونەی کە رامبۆ دەیویست دەستی بەسەردا بگرێت".




## پێنج- دووبارەکردنەوەکان:

شاعیر لە لێدوان لەسەر ئەزموون و شێوازی خۆی لە شیعر نووسیندا دەڵێت: "وشەی خەون و منداڵی و مردن-بێئاگاییم دەجوڵێنن و لام دووبارە دەبنەوە".

ئەم گوتەیە گەر گەواهیدەری ئەو ڕاستیە بێت کە لە خاڵی دووەمدا لێی دواین سەبارەت دنیای بەربڵاوی خودنائاگای شاعیر لە کاتی شیعر نووسین و لە ناو ئاراستەی دەربڕینەکانیدا، ڕاستییەکی ترمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێویستی بە قوڵبوونەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر ورد هەیە، ئەویش ئەوەیە بۆچی هەندێك زاراوە لای ئەو بە جۆرێکی سەرنج ڕاکێش لە زۆر شیعردا بەکاردێن و دووبارە دەبنەوە؟ دڵنیام لە دەستکورتی شاعیرو دەست پێڕانەگەشتنی شاعیرەوە نییە بۆ زاراوەی تری نوێ، ئەگەری ئەوەی هەیە وێستگەی کاریگەر بوو بن لە ژیانی شاعیرداو لە نەستدا جێگیر بوو بن و بەو جۆرە دەربڕینی ئاراستەوخۆیان لێ دەکات و جارانێك زاڵ دەبن بەسەر دەربڕینی ناخی شاعیردا، ڕێکدەکەوێت تەنانەت شاعیریش خۆی بداتە

دەست زمانی پاراوی ناخ و قەڵەمەکەی، تێکستەکەش ئەوەی پێوە دیار دەبێت کە پەیوەندی بە سەر رووکاری دنیای هەست و رووکاری دەرەوەی زیندەگی نییە، رەنگە جارێکی تر ئاماژەدان بە زاراوەی دووبارەی (گوندی گەنجینەی منداڵی) لە یەکەم دیواندا نموونەیەکی بەرچاو بێت کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا.




بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین پەنجە مۆری داهێنانی هیچ شاعیرێك بە شاعیرێکی تر بچوێنین، بەوەی هەموو شیعرو شاعیرەکان بە یەك پێوەر هەڵبسەنگێنین و بە یەك شێوە تەماشای داهێنانەکانیان بکەین، چونکە دنیای هەر شاعیرێك جیاوازە لە شاعیرێکی تر، هەر لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و پراکتیکی جۆراوجۆری ژیانەوە بیگرە تا ئەزموونی مەعریفیی و سەفەرە جیاوازەکان و خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان و هەتا تەنانەت ستایڵی ژیانکردنیش، چ جای سیفەتە سایکۆلۆژییە بەدەستهاتووەکان و بۆماوەیی و نەرێتییەکان و پاشان خودی دنیابینی شاعیر بۆ چەمکە جۆراوجۆرەکانی ژیان و کاردانەوە جیاوازەکان لەمەڕ رووداو و پێشهاتە جیاوازەکان، کەواتە یەکێك لە تێکشکاندنی تەکنیکە باوەکان دەکرێت لای شاعیر دووبارەکردنەوەکان بێت ، ئەمەش مەبەستی جۆراو جۆری لە خۆدا

حەشاردراوەو لانی کەم جیای دەکاتەوە لە ئەزموونی زۆرینەی زۆری شاعیرانی هاو نەوەکانی.
با پێکەوە دیقەت بدەین لەم نموونەیە کە لە تێکستێکی شیعریدا جێی شیاوی خۆی گرتووە و ٨ جار (جلی ڕەش) بە دوای یەکدا دێن و لە فۆرمێکی جیاوازیشدا دەربڕینی لێ دەکرێت:

"خونچە ئیسماعیل عومەر لە 1956\12\6دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە

| |
|---|
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |

شەش- دەسکاریکردنەوەکان:
وەك لای هەمووان ڕوون و بینراوە ئەوەیە لە ساتی تەواوکردن و بڵاوکردنەوەی شیعرەوە ئیتر ئەو شیعرە وەکو منداڵ سیماو ناوێك وەردەگرێت و ناکرێت جارێکی تر بە شێوەیەکی تر بیخوێنینەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا دەبێت بە شیعرێکی تر، وەك ئەو منداڵەی ناکرێت خاوەنی دوو کەسایەتی و ناوەڕۆکی جیاواز بێت و بە دوو ناوی جیاواز بیناسین و بانگی بکەین، بەڵکو جارانێك ئەم کارلەسەرکردنە زۆر زیاتر دەبێت و هەمیشە شاعیر بە دیدو ئایدیاو بیرۆکەی جیاوازەوە دەچێتەوە سەری و تەنانەت وەك شیعری (بەرزبوونەوەی گەسکێك) ئەوەندەی ئاگادار بم من خۆم لە ٦

بڵاوکراوەو ماڵپەڕی جیاوازدا خوێندومەتەوەو پێشچاوم کەوتووە ، هەر جارێکیش بە گۆڕانکاری جیاوازەوە.
بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم دژە تەکنیکە دەتوانین سوود لە وتەیەکی شاعیر لەم بوارەدا وەربگرین کە دەڵێت:
" ئەوانەی نووسیویشمن هێشتا لە نووسینیان تەواو نەبوویمە"
هەروەها لە ئامازەیەکی تریشدا ئەم راستییە دووپات دەکاتەوەو جەختی لەسەر دەکاتەوە کاتێك دەڵێت:
*دەقەکانم ئەوانەی چاپم کردوون و ئەوانەی چاپیشم نەکردوون، هەمیشە لەسەر مێزی کارکردن دەستیان بۆ دەبەم"
لێرەوە دەردەکەوێت نەك تەنیا بۆ خوێنەر دەقەکان کراوەن و شێوەی جیا لە خۆ دەگرن، بەڵکو لە دیدی شاعیریشەوە مامەڵەی کرانەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە ئەمە هەردوو ڕووە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیەکەی هەیە، لای من ڕوویەک لە رووە جوان و گەمەئامێزەکانی سەرلێتێکدانە بۆ لێکۆڵەر کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر دەقێك دەکرێت و پاشتر هەمان دەق بە جۆرێکی تر دەنووسرێتەوە، ئەمە سەر لە لێکۆڵەر تێك دەدات و دەکرێت لەمبارەدا خوێنەرێك کۆپییەکی جیاوازی ئەو دەقەی لا بێت و رەخنەنووس رووبەرووی ئەوە بکاتەوە ئەو لێکۆڵینەوەی لە کوێ هێناوە، بۆچی دەقەکە وەك ئەوە نییە کە لای ئەو خوێنەرە بوونی هەیە؟ دواتر رەنگە خوێنەرێکی تر بە ڕوویەکی تردا لەم تەکنیکە بڕوانێت و بڵێت ئەو دەقە رەنگە قۆناغەکانی گەشەی تەواو نەکردبێت بۆیە فۆرمێکی چەسپاو و دوایی نەهاتووی لای شاعیر وەرنەگرتووە، یان هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو خاڵەی شکاندنی تەکنیکی باوە بەوەی هیچ پێشوەختەی نووسین لە هزرو زماندا بوونی نەبووە تا ئەو کاتەی شاعیر دەچێتەوە سەر کاغەزو شتێکی جیاواز لە نەستەوە دێتە سەر ڕووکارو ئەمەش بە کارامەیی شاعیر دابنرێت، بۆ نموونە وەك چۆن شاعیرانی پێشین هەوڵیان دەدا تواناکانیان لە نووسین بە زمانی جیاواز بخەنە روو، وەك نالی کردی و دەڵێت:

"نالی ئەمڕۆ خاوەنی سێ موڵکە دیوانی هەیە"

یان داهێنان و تەکنیکی نووسینی (شیعری بێ نوقتە) وەك قانع کردی. کەواتە بیرۆکەی جیاوازنووسین و هەوڵی هێنانەئارای ستایڵی تازە هەرگیز دەرگای بەسەردا نەخراوەو ئەمەش سیفەتێکی ئاشکرای پۆستمۆدێریستە.

## حەوت - قەرەباڵغکردن و ئاڵۆزکردنی شیعر:

شاعیر کاتێك دەڵێت *ئاڵۆزکردنی رستەی شیعری بێ قوڵبینیی روانین و جیهانبینی، تەنیا سەرلێشێواندنی شاعیری لە پشتەوە دەبینرێ و چی تر نا".



کەواتە دەبێت لێرەدا جیاوازییەك بکەین لە نێوان ئاڵۆزی ناواخندار و بایەخدارو ئاڵۆزاندنی بێ ناواخن، بۆنموونە (تی، ئێس ، ئەلیۆت) کاتێك چامە درێژەکانیشی دەنووسی هەر هەمان مۆرکی چڕیی و پتەوی قەسیدە کورتەکانی هەبوون، نکۆڵیشی تێدا نییە کە کاك سەباح وەك چۆن شیعری یەك دێڕیی هەیەو بۆ نموونە تیایدا دەڵێت:

"گیانلەبەری دڕندەو جەلاد ئاوی تۆفانیان خواردووەتەوە"

هەرواش چامەی ٤٠ لاپەڕەیی هەیە کە هەر لاپەڕەیەکی نزیکەی ٢٤ دێڕەشیعرەو کۆی گشتی دەگاتە نزیکەی هەزار دێڕەشیعر، ئەمە گەر

توانادارێتی شاعیر دەربخات لە دەرچوون لە مەئلوف و ناسنووردارییی بەرانبەر بەکارهێنانی زمانی شیعر، لە لایەکی تریش سەلیقەی خوێنەر دەخوازێت بۆ هەرسکردنی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو دەقانەو رۆشتن لەگەڵ هەنگاوە شیعریەکان و هەناسەدان بە ریتمی کۆپلەو دەستەواژە جیاکانی نێو شیعرەکان، بەڵام نوێبوونەوەی زاراوەکان تەکنیکێکی دژە تەکنیکی باوە لە هێشتنەوەی خوێنەر پەیوەست بە شیعرەکانەوە.

بۆ نموونە لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا خاڵێکی گرنگ کە جێی سەرنجە گوتاری باوی شیعری کوردی جێهێشتووەو زۆر دەگمەن لە شیعرەکانیدا رەنگ دەدەنەوە، ئەویش جێهێشتنی زمانی رۆمانسی و حەزە چەپێنراوەکانی شاعیرەکانە کاتێك ماددەی سەرەکی لایان دولبەرو رەگەزی مێیە، بەڵام قەرەباڵغی نێو شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەمیشە بە کەرەسەی نوێ، گەر زۆر بچوك و فەرامۆشکراویش بن ئامادەییان هەیە لە شیعرەکانداو خوێنەر لە مەلولی و بێزاربوون قوتار دەکەن، هەرچەندە لە تەکنیکی باودا گوتراوە بە یەك وشە مانا بپێکین ئەوا دووەم وشە زیاد دەبێت، بەڵام تازەبوونەوەی وێنەشیعریە سەیرو سەرنجڕاکێشەکان دەبنە پاڵنەرێك تا خوێنەر دوای مەبەست و گوتاری ئەم جۆرە لە شیعر بکەوێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان چەشەی خۆی لێ ببینێت.

## هەشت- دەرچوون لە بەرگی خودو کاردانەوەکانی دەرەوەی شیعر:

بە حوکمی ئەوەی شیعرەکانی شاعیر یەك شێواز نین و هەمەجۆرن و لەو ڕێژە زۆرەدا چەند جۆرێکی جیاواز لە شیعر پێشچاو دەکەوێت، یەکێك لەو جۆرە دیارو جیایانە ئەوانەن کە شاعیر لە دەرەوەی شتەکانەوە دەنووسێت و خۆشی لە ناو چاوی خوێنەردا ونە، بەو مانایەی خوێنەر دەتوانێت راستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ زمانی شتەکاندا هەبێت و لەهەمانکاتیشدا ناراستەوخۆ ماناکان دەربڕینیان لێبکرێت، ئەم ستایڵە زۆر کەم

دەبینرێتەوە لە شیعری شاعیراندا بە گشتی، وابزانم ئەم قۆناغە قۆناغێکی بالآتری گەشتنە تێگەشتنێکی بەرفراوان و جیهانییە بە زمانێکی بابەتیانە بۆ دەربڕینکردن، ئاوهاش رەوتی خودگەرایی شاعیر تێکوپێك دەشکێنرێت و هەم سەبجێکت گۆڕانی بەسەردا دێت و هەم ئاسۆکانی بابەت لە دنیای شیعردا ئاوەلآتر دەبن و دنیابینییەکان قوڵتر دەبنەوە.

حەمەی مەلا دەڵێت "شیعرچییەکان ئەوانەن کە ئیشیان جوینەوەی قسەی سادەی ڕۆژانەو هونەری گەورەیان خۆ میقاتکردنە لەگەڵ دۆخی باو و بالآدەستداو ژیان و شیعریان خۆ دزینەوەیەکی ئاشکراو دزێوە لە هەموو ئەرك و بەرپرسیارییەك"

ئەم وتەیە تەواو ڕاستی ئەو ستایڵە پەسەند دەکات کە قسەی لەسەر دەکەین، هێنانەوەی نموونەش زۆرە بەلآم تەنیا لێرەدا ئەم کۆپلەیە دەکەینە ئامازەی ئەو جۆرە لە دەربڕین:

"سێبەرو هەتاو
دوو دیکتاتۆرن
یەك ئەوی تر لەناو دەبا"

گەر ورد سەرنج بدەین دەبینین بە روویەکی تردا کێشەکانی دەوروبەری شاعیر لێرەدا، لەسەر توخمەکانی دەوروبەر تەوزیفکراون و ئەوان ئاوێنەی شەڕەنگێزی سەردەمن، بە تایبەتیش کە دوو توخمی لێکەوتەی پێکهاتە سەرەکیەکەی ژیانن کە (شوێنکات)ە.

هەروەها وێنە شیعرییەکانیش لەم ستایڵەدا نامۆن و جارانێك شتە نامۆکان دێنە ناو ڕستە مەئلوفەکانەوەو جۆرێك لە ئایرۆنیك دەبەخشنە مانا، هەرگیز خوێنەر پێشبینی وێنەشیعری داهاتوو ناکات بەوەی دەیخەملێنێت، بۆ نموونە سەرنجی تازەیی و نامۆیی و چاوەڕواننەکراوی بەکارهێنانی زاراوەی (بن باڵی چەوری مراوی) بدەن لەم کۆپلە شیعریەدا:

"هەرچی ڕوخساری عاشقەکانی هەولێر هەبوو
هونەرمەندێك لە دیواری قەڵا
کردی بە تابلۆو ڕەنگەکانی گونجاندن
باران ڕەنگەکانی نەسڕیەوە
خۆر لە ئاسمانیاندا بڵند بووەوە
تێر بۆنی بن باڵی چەوری مراوی کرد"

ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر گەر بێینە سەر بەشی دووەمی ئەم خاڵی هەشتە ئەوا جیا لە هەموو شاعیرەکانی تر کێشەی دنیای شیعر دێتە ناو شیعرەوەو پەیوەندی نێوان شاعیرەکان بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراوی جیاواز ڕەنگڕێژ دەبێت، ئێمە کە ڕووبەڕووی دەقی ئاوها دەبینەوە وەکو (قازی و حاکم) حوکم نادەین کە گوایا باشە یان خراپ، بەڵکو وەك خوێنەرێك دەمانەوێت بزانین چی لێدەفامینەوە وەك ئیزافەیەك بۆ جیهانی فراوانی داهێنان و چ جۆرە دەستپێشکەری و جورئەت هەست پێدەکەین. لۆژیك دەڵێت پەنجەیەکت بخەیتە بەردیدەت، ئەوا جگە لە پەنجەت ئەم دنیا گەورەیەت لێ بزر دەبێت، هەرواش بایەخدان و چوونە قوڵایی شیعرەوە هەموو خۆشەویستی و ڕقێك لە ناو شیعرداو بەسەر شیعردا دابەش دەبێت. نەك هەر دەبێتە زمانی پاڵفتەی دەروون، بەڵکو هەموو شتەکانی پێدەنووسرێتەوە، کە خۆی لە ڕاستیدا دەقی شیعریی کارێکی زیهنی و گیانییەو لە شێوەی تێکستێکدا خۆی دەنوێنێت و ئەوە خوێنەرە لێکدانەوەو ڕق و خۆشەویستی تیا دەدۆزێتەوە، نەك شاعیر ڕێنموونی ڕاستەخۆی خوێنەر بکات و پەلکێشی بکات بۆ کێشەکانی خود، لەم بارەدا تەواو پێچەوانەی زمانە ناڕاستەوخۆکەی زمانی شتەکانە لە دەقەکانی تردا پێشچاو دەکەون، کە ئەو پرسیارە لامان دروست دەبێت ئایا دەبێت فشارە ناوخۆییەکان پاڵنەری لەدایکبوونی ئەو جۆرە دەقانە نەبن؟ یان هەر لە واقیعدا شاعیر ئاوها دەناڵێنێت و ڕووبەڕووی تەنگپێهەڵچنین دەبێتەوە؟!

هەر بۆ نموونە لە ژمارە ٩٤ی گۆڤاری هەناردا شاعیر هەندێك لەو جۆرە نەیارانەی شیعر پۆلین دەكات و ٣ جۆریان دەهێنێتەوە:

"شاعیرە پاشخاپەڕۆک و ڕکپەروەر و دووپشکە خوودارەکان
چزووی شپرزەییيان بەکارهێنا و ڕقی ئێسک تواندنەوەیان هەڵڕشت"

پاشتریش و هەر دوای سێ ساڵ، جارێکی تر دەسکاری ئەم پۆلێنە دەكات و دەیانکاتە چوار جۆرو دەڵێت:

"شاعیرە پاشخاپەڕۆک و ڕکپەروەر و دووپشکە خوودار و دەمامک ڕەنگاوڕەنگەکان
چزووی شپرزەییيان بەکارهێنا و ڕقی ئێسک تواندنەوەیان هەڵڕشت"

بەڵام تەفسیری (ڕق) جێگای لەسەرووەستانە لەو روانگەیەی هەموو ئەو دەستە و تاقمانەی ناویان هاتووە لەو خاڵەدا دژی شاعیر یەکبگرنەوە! یان دیدێك بێت بۆ ناساندنی ژیان بە کێشە لە بری تەبایی؟ جێی خۆیەتی بپرسین ئایا هەر کەسێك راو تێروانینی جیاوازی هەبێت بۆ لایەنە بەربلاو و هەمەجۆرەکانی شیعر دەبێت بچنە ناو یەکێك لەو خانانەوە؟
ئەگەر لای هەندێکمان شیعر دنیایەکی ناسك و قەشەنگ و جوان بێت و جێی هەموو بڵندیەکان بێت، کەچی لێرەدا ئەو بۆچوونە تەواو دەشکێنرێت و واقیعێکی پێچەوانەمان لا نیگار دەکێشرێت، وامان لێدەكات دیوەکانی تری ژیانیش ببینین و زۆر ئایدیالانە مامەڵە لەگەڵ شیعرو ژیاندا نەکەین، هەستناسکی و ڕادەی گرنگیپیدانی شاعیر بە زۆرانبازیەکان بخوێنینەوەو لەناو شیعردا راستەوخۆ بەر زمانێکی زۆر رەق و زبر بکەوین، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین ئایا دەبێت لە راستیدا وا بێت؟ یان ئەمەش گەمەیەکی شیعریی بێت! یاخود ئەفراندنی فەنتازیایی، بۆ جوڵاندنی ئاگایی خوێنەر بەرەو گرنگی شیعرەکان و لە پشتیشیانەوە

دانەر؟! یان ئەو دنیای یۆتۆپیایەی خودی باڵا بێت کە هەموو شتەکان تیایدا لە لایەن شاعیرەوە ڕۆڵیان پێدەبەخشرێت؟.
لە کۆتاییدا دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێین کە ڕەنگە هیچ لەمانە نەبێت و تەنیا هەستەوەریی شاعیرو ژینکردنی شاعیرانەی بێت هەموو ساتە کورت و درێژو لە ناکاوەکانی ژیانی قۆستبێتەوەو کردبنی بە شیعر، تەنانەت لە بەشێکی شیعرەکانیش دەتوانین ئاشنا بین بە بایۆگرافی ژیانی شاعیر، وەك چۆن باسی هاو قەڵەماکانی خۆی دەکات، ئاوهاش پەیوەندەییە کۆمەڵایەتییەکان بەدەر نین لەناو دنایی ماناو ئاماژە شیعرەکاندا، هەر لە درەختی خێزانەوە بیگرە وەك باوك و دایك و براو هاوسەرەوە تا دەگاتە کۆرپەو دراوسێ و خزم و خەڵکی گەڕەکیش.. واتا ئەوانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرکەوتنیان لەگەڵ شاعیردا هەبووە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە شیعرەکاندا حزوریان هەبووە..

## پوختەی لێکۆڵینەوە:

وەك دەزانین زۆر لەسەر ئەزموونی ڕەنجدەر نووسراوە، بەڵام جیاوازی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە قوڵ و بەرفراوان چووەتە ناو جیهانی شیعرەکانەوەو مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تەکنیکی ناباو و کردنەوەی هەندێك لە تەلیسمی دەقەکان کردووە، کەواتە بەرەنجام دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەوڵەکانی شاعیر سەباح ڕەنجدەر لە جیاواز نووسیندا جێی ئامازەپێدانە، هەرچەندە لەسەرەتادا هەندێك شتی نا(باو) ڕەفز دەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز بۆ هەتایە دەرگا لەسەر جیاوازنووسین داناخرێت و هەر خوێنەرێك دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بنواڕێتە هەوڵەکان و لەمەشدا زۆر شت کاریگەریی دەبێت لەسەر خوێندنەوەو ڕا جیاوازەکان، ئەوەی لێرەدا پێی هەستاوم باسی ٨ خاڵی جیاوازە لە شکاندنی تەکنیکی باو لە لایەن شاعیرەوە، بێگومان بەشێوەیەکی زانستی و پشت بەستن بە وتەو بەرهەمەکانی شاعیرو بەراوردکردنیان بە هەندێك تەکنیکی شیعریی ستاندار، ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی خود و چەند

سەرچاوەیەکی جیاوازی دەرەکی و ناوخۆیی، کە لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی عەشق و پەرۆشی شاعیر بۆ شیعر چۆن وای لێکردووە بە شێوەیەکی شێلگیرانەو سروشتی هەوڵی داهێنان بدات، بەتایبەتی لەو شێوازە نامەئلوفانەی شاعیر لێیان دواین.. کە ئەو هێڵەش جاروبار تەواو تێکەڵ دەبێت کە لە نێوان شیعرو ژیاندا هەیە، بەڵێ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەموو خاڵەکان نین دەربارەی دنیای فراوانی شیعرەکانی رەنجدەر، بەڵکو والا کردنی دەرگایەکە بەسەر هەندێك تایبەتمەندیدا کە بە هۆی کزیی بواری رەخنەو خۆنەدان لەو دنیا جیاوازانە زۆرمان لێی بێدەنگ بووین یان هیچ گوتارێکمان نییە، ئەم نووسینەش گوتنی باش و خراپە نیە بۆ ئەو ستایلە و نە بەرزکردنەوەو شکاندنیشە، وەك لەوەی خوێندنەوەو ڕای منی خوێنەرە سەبارەت بەشێك لەو بەرهەمانەی شاعیر، دڵنیاشم شاعیر لە ئەزموونی دوورو درێژیدا ئەو راستییەی لا جێگیرو پەسەندە کە هەر یەکەمان بە جۆرێك دەڕوانێتە شتەکان و لەمەشدا هیچ نەنگییەك نییە.
جگە لەوەی من وەك خوێندنەوەو پێزانینێکیش بۆ هەوڵەکانی شاعیر لە قەڵەمی دەدەم کە تا شاعیر لە ژیاندایە با تیشکێك بخرێتە سەر هەوڵ و خزمەتەکانی و خۆزگە ئەم لێکۆڵینەوەیەش کاردانەوەی دەبوو بە جۆرێك لە جۆرەکان تا قەڵەم بەدەستانی بواری ئەدەب لەمبوارەوە بهێنێت ئاخافتن، چونکە ئاوها دەتوانین ئەم بابەتە دەوڵەمەندە بجوڵێنین و گوێمان لە هەموو ڕا و لێکدانەوە جیاوازو پێچەوانەکانیش بێت.
هەرچەندە شاعیر خۆی کە باس لە شێوازو ئەزموونی خۆی دەکات وەك مانیفێستەکان، شیعرەکانیش دەتوانن بەو ئەرکە هەستن، بەڵام ئەوە هەر غیابی رەخنەی جدی و کارایە وای کردووە خۆی ئەو ئەرکەش لە ئەستۆ بگرێت، ئەم کەلێنەش دەخوازێت دەیان و بگرە سەدان رەخنەنووسی کارامەمان هەبێت، ئەگەر بمانەوێت شیعرە زۆرەکانی هەزاران شاعیری کوردی هاوچەرخ لە بێژنگ بدرێن و ئەو رەخنەیەش ببێتە هاندەری جوان نووسی و وەك فاکتەرێکی ناوازەبوونیان رۆڵ ببینێت و بەرەو هەڵکشانی

داهێنان کاربکات و لە هەمان کاتیشدا شیعرە لاوازو دووبارەو کاڵ و کرچەکان سنووردار دەبن.

سەرچاوەکان:

.........................

1- "Surrealism", Dawn Ades, with Matthew Gale: Oxford University Press, 2001.

2- Postmodernism, or, the Cultural Logic of Late Capitalism. .Jameson, Fredric

.3-The Ego and the Id, 2010, by Sigmund Freud

آلان تورين، نقد الحداثة، بيروت ١٩٩٧. ٤-

٥- ئەزموون وەك ئاخاوتنێك لە ناو ژیان، سەباح رەنجدەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٦- هەندێك گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەی ئەدەبی بە زمانی کوردی و هەروەها ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی تر....